# دایک و باوکان لە بوونی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن هۆشداری دەدەن

ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵێکە بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە لێدان و بەکارهێنانی توندوتیژی لەناو قوتابخانەکان قەدەغەکراوە، کەچی بەشێك لە دایك و باوکان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی ئاماژە بە بوونی توندوتیژی دەروونی و زارەکی و تەنانەت لێدان و ئازاری جەستەیی لە ناوەندەکانی خوێندن دەکەن، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە لە هەندێك قوتابخانەدا تا ئێستاش لێدانی قوتابی لەلایەن مامۆستاوە بوونی هەیە و خوازیارن کاری بەپەلە بۆ نەهێشتنی ئەو حاڵەتانە بکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە ڕاو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«سەرەڕای ئەوەی قوتابخانە دامەزراوەیەکی پەروەردەییە، پێش ئەوەی مەڵبەندی فێرکردن بێت، بەڵام تا ئەمڕۆش لە زۆربەی قوتابخانەکاندا، توندوتیژی و مامەڵەکردنی نادروست و ڕەفتاری ناپەسەند، دژی منداڵان کاڵ نەبوونەتەوە، بەداخەوە زۆرن ئەو مامۆستایانەی خۆیان تووشی فشاری دەروونی و گرفتی جیاوازی ژیان بوونەتەوە، کەچی داخی خۆیان بە قوتابییەکان هەڵدەرێژن و و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانیان دەکەن، لێیان دەدەن.» ئەوە قسەی سەیوان عادل بوو. وەك خۆی باسی کرد سێ منداڵی قوتابین لە قۆناغی بنەڕەتی و تا ئێستا چەند جارێك لە قوتابخانەدا مامۆستاکان زۆر بە توندی لەگەڵ منداڵانی مامەڵەیان کردووە. هاوکات دەڵێت: «چەند جارێك منداڵەکانم بۆیان گێڕاومەتەوە کە لەلایەن مامۆستاکانیان قسەی ناشیرین و نەشیاویان پێ وتراوە، تەنانەت ئازاریان داون و تفیان لێ دەکەن، گوێ و قژیان رادەکێشن. چەندین قوتابی بە هۆی مامۆستایانی دڵڕەق و توندوتیژ و ناشارەزا لە بواری پەروەردەدا، لە خوێندن بێزار بوون و وازیان لە قوتابخانە هێناوە.» گوتیشی: «ئەم هەڵسوکەوتە ناشیرینانە هەموو مامۆستایان ناگرنەوە، مامۆستای شارەزا و لێهاتووی بواری پەروەردەی دروستی منداڵانمان زۆرن، کە شایەنی رێز و شانازین و دەبێت تەقدیر بکرێن و سوپاس و پێزانینیشمان بۆ ماندووبوونیان هەبێت.»

لوقمان محەمەد مامۆستایە لە قوتابخانەی ماکۆکی بنەڕەتی تێکەڵاو و سەبارت بە هەمان پرس رایوایە: «لە هەموو کۆمەڵگەیەك توندوتیژیی دەروونی هەیە، بەڵام رێژەکە لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، لە ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانەکانی کوردستانیش تاکو ئێستا نەتواندراوە دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بە قوتابی بنبڕ بکرێت، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار، وەك ژینگەی دەوروبەری قوتابی هەر لە



**لە ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانەکانی کوردستانیش تاکو ئێستا نەتواندراوە دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر قوتابی بنبڕ بکرێت**

**هەندێک جار قوتابی، یان دایک و باوکی بەهەڵە لە بابەتی لێپرسینەوە، یان بوونی تێبینی لە سەر قوتابی یان سەرزەنشت کردنی تێدەگات و ئەوە بە توندوتیژی و جۆرێک سووکایەتیپێکردن دەزانێت**

**پێویستە مامۆستایان و پەروەردەکاران زیاتر رابهێندرێن لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قوتابیانی هەراسانکەر و دەروون هەڵچوو، بۆ ئەوەی بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە و لە هەر کارێکی توندوتیژ و هەراسانکەر رێگری بکەن**

خێزان و گەڕەك و تا دەگاتە قوتابخانە و مامۆستا و سیستەمی خوێندن، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی زۆرێك لە قوتابیان لە ماڵەوە ئامۆژگاری و چاودێری ناکرێن، یان بێبەشن لە سۆزی دایك و باوك، ئینجا بەهۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان بێت، یان کاریگەریی تەکنۆلۆژیا وەك بەکارهێنانی ئامێرەکانی سمارت فۆن و سەیرکردنی فیلمی ترسناك، یان قەیرانی دارایی کە هۆکارێکن بۆ ئەوەی منداڵ تاکێکی هەراسانی لێ دەربچێت، ئەوانە کاریگەریی نێگەتیڤی لە سەر خۆی منداڵەکە و دەوروبەری هەیە، ئینجا ئەم کاریگەرییە لە ماڵەوە، یان کۆڵان، یان لە قوتابخانە رەنگدەداتەوە، وەك توندوتیژیی نێوان قوتابی و قوتابی، یان لە نێوان قوتابی و مامۆستا، هەندێك جاریش مامۆستا دەبێتە هۆی دروستبوونی توندوتیژی لە گەڵ قوتابی لەناو پۆڵ، یان قوتابخانە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەندێك جار هەڵە تێگەیشتنێك لەنێوان قوتابی و مامۆستا بوونی دەبێت، یان بەهۆی بوونی سترێسێکی زۆر لەسەر مامۆستا بەهۆی قەیرانەکانی دارایی و کۆمەڵایەتی و هەروەها نەبوونی یاسا و رێسای گونجاو بۆ ئەوەی رێگری بکرێت لە روودانی توندوتیژی لە نێو نێوەندەکانی خوێندن و قوتابخانەکان هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامدانی توندوتیژی هەیە». ئەو مامۆستایە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «هەندێك جار قوتابی، یان دایك و باوکی بەهەڵە لە بابەتی لێپرسینەوە، یان بوونی تێبینی لەسەر قوتابی یان سەرزەنشت کردنی تێدەگات و ئەوە بە توندوتیژی و جۆرێك سووکایەتیپێکردن دەزانێت، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنیان، بەڵام پێویستە مامۆستایان و پەروەردەکاران زیاتر رابهێندرێن لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قوتابیانی هەراسانکەر و دەروون هەڵچوو، بۆ ئەوەی بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێن و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە و لە هەر کارێکی توندوتیژ و هەراسانکەر رێگری بکەن.»

هودا سابیر زەنگەنە، خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمە لە یەکسانیی جێندەری و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لە دوای بڕیاری وەزارەتی پەروەردە لە بارەی قەدەغەکردنی لێدان لەناو قوتابخانەکان، جۆری توندوتیژییەکان جۆری دیکەی وەرگرتووە، واتە ئەوەی ئێستا لە زۆربەی قوتابخانەکان پەیڕەو دەکرێت، توندوتیژیی دەروونییە کە زۆر مەترسیدارترە لە توندوتیژیی جەستەیی، توندوتیژی دەروونی، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەسایەتی و رەفتار و ئاستی خوێندنی قوتابی دەبێت، بەجۆرێك کە هەندێجار کارەساتی زۆر گەورەی لەناو قوتابخانەکانی کچان و کوڕان لێکەوتۆتەوە.» گوتیشی: «لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە رێوشوێنی توندی داناوە بۆ هەر کەسێك توندوتیژی لەبەرامبەر قوتابیان بەکاربهێنێت، بەڵام بە بەڵگەوە لە بەشێکی زۆری قوتابخانەکاندا هێشتا لێدان هەر ماوە، توندوتیژییە دەروونییەکەش زۆر زیاتر بووە. بەهۆی ئەوەی توندوتیژیی دەروونی مەعنەوییە و زۆرجار بە جەستە ناکرێ، بۆیە بەردەوام لە زیادبوونە، هەڵبەتە کاردانەوەی توندوتیژییەکان لەسەر قوتابیی کوڕ و کچ جیاوازە، بەڵام هەردووکیان بە یەکسانی دەرەنجامی خراپ لەسەر ئاستی خوێندن و کەسایەتی و رەفتاریان دروست دەکات.»

سەمیر هەمزە، رۆژنامەنووس و مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و ئەویش یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە نیگەرانن لە بوونی توندوتیژی لە ناوەندەکان خوێندن و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە ئەوەی دایك و باوکی قوتابیان باسی دەکەن، لە بەشیك لە قوتابخانەکان بوونی هەیە. بەتایبەتی ئازاری دەروونی جێگای ئازاری جەستەیی گرتۆتەوە و بەشێك لە بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایان، جارجارە پەنا بۆ لێدانی راستەوخۆش دەبەن، کە ئەمە دوورە لە هەموو ئاکاریکی پەروەردەیی و ناکرێ مامۆستا و کادیرانی پەروەردە بەهیچ جۆرێك پەنا بۆ ئازاری جەستەیی و دەروونیی قوتابیان ببەن؛ چونکە ئەو دیاردە ناشارستانی و ناپەروەردەییە و لەگەڵ سیمای ناوەندەکانی پەروەردە یەك ناگریتەوە.» گوتیشی: «نەبوون، یان کەمبوونی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە بەشێك لە ناوەندەکانی خوێندن وایکردووە حاڵەتەکانی توندوتیژیی لە قوتابخانەکان روو بدات. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە لەسەر مامۆستایان پەنا بۆ ئازاری جەستەیی و دەروونیی قوتابیان نەبەن و رێکاری تایبەتی و سەردەمییانە و پەروەردەیی بگرنەبەر بۆ ئەو قوتابیانەی وەکو لادەر لە رێنماییەکان دەستنیشان دەکرین.

توێژەری کۆمەڵایەتی عیماد ئەحمەد، ئەویش رایوایە «هەندێك لە مامۆستایان بە شێوەیەکی نەشیاو و توندوتیژ لەگەڵ قوتابیان هەڵسوکەوت دەکەن، بەمەش زۆر جار کارەساتی نەخوازراو روو دەدات». هاوکات دەڵێت: «زۆرجار توندوتیژیی دەروونی و جەستەیی و بگرە توندوتیژیی سێکسیش ئەنجام دەدرێت بەرامبەر بە قوتابی لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییەکان، ئەمەش وا دەکات بیر لە وازهێنان لە خوێندن بکەنەوە، یان زۆر جار ناتوانن باسی کێشەکانیان بکەن لە لای خێزانەکانیان و رێگەچارەیەکی گونجاو نادۆزنەوە، بۆیە زۆر حاڵەت هەبووە، پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە، چەندین حاڵەت



لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە ڕێوشوێنی توندی داناوە بۆ هەر کەسێک توندوتیژی لەبەرامبەر قوتابیان بەکاربهێنێت، بەڵام بە بەڵگەوە لە بەشێکی زۆری قوتابخانەکاندا هێشتا لێدان هەر ماوە، توندوتیژییە دەروونییەکەش زۆر زیاتر بووە

ناکرێ مامۆستا و کادیرانی پەروەردە بەهیچ جۆرێک پەنا بۆ ئازاری جەستەیی و دەروونیی قوتابیان ببەن؛ چونکە ئەو دیاردە ناشارستانی و ناپەروەردەییە و لەگەڵ سیمای ناوەندەکانی پەروەردە یەک ناگرێتەوە

نەبوون، یان کەمبوونی توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لە بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن وایکردووە حاڵەتەکانی توندوتیژی لە قوتابخانەکان ڕوو بدات

هەبووە خوێندکار لە وانەکان دەرنەچووە، پەنای بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی بردووە. ئەوانەی دەربازیان بووە لەو هەوڵە و لە نەخۆشخانەکان خەوێندراون، پرسیاریان لێ دەکەین، زۆریان گلەیی لە مامۆستا و کەسوکاریان دەکەن و دەڵێن لە ترسی ئەوان ئەو کارەیان کردووە، بۆیە بۆ ئەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن بەردەوام نەبێت، پێویستە وەزارەتی پەروەردە خولی تایبەت بۆ ماموستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بکاتەوە و ڕاهێنایان پێ بکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی شیاو و شایستە هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی بکەن و کێشەکانیان چارەسەر بکەن.»

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەو کەسانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن وەك توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی دامەزراون، ئەگەر کەمتەرخەمی نەکەن، دەتوانن کاتێك کێشەیەك ڕووبەڕووی قوتابی دەبێتەوە، چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بۆیە پێویستە زیاتر گرنکی بە توێژەرەکان بدرێت و خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و ئەوانیش کاری جددیتر بکەن.»

محەمەد گۆمەشینی گوتەبێژی دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وێڕای ئەوەی لێدان لە قوتابخانەکان قەدەغە کراوە، بەڵام وەکو تێبینی کراوە، لە هەندێ قوتابخانە لێدان بوونی هەیە، لە ڕابردوودا بە دار لە قوتابی دەدرا و فەلاقە دەکرا، بەڵام ئێستا شێوازی لێدانەکە گۆڕاوە بۆ لێدان بە دەست و ڕاکێشانی گوێی قوتابی لەلایەن مامۆستاکانیان، جگە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی ناشیرین دژی قوتابیان، بەداخەوە لێرەو لەوێ دەبیندرێ، ئەگەرچی حاڵەتە و نەبۆتە دیاردە، بەڵام پێویستە وەزارەتی پەروەردە وردتر مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتە بکات.»

گوتیشی: «ئێمە وەکو دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە پێناو پەروەردەکردنی نەوەیەکی تەندروست بۆ دوارۆژ، بە پێویستی دەزانین هەرچی زووە بەرپرسانی بواری پەروەردە چارەسەری ئەو حاڵەتە نەخوازراوە بکەن، هاوکات پێویستە مامۆستایان بە شێوازێکی وا مامەڵە لەگەڵ قوتابیان بکەن، کە هەم بابەتی دادپەروەری لەمامەڵکردن و هەم دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی بە هەموو شێوازەکانیەوە ڕەچاو بکەن، جگە لە پەنابردن بۆ هەندێ ڕێکاری تایبەت کە پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردن و پەروەردەکردن، کە لە ڕووی پەروەردەی زانستییەوە ڕێگەپێدراوە و ئاساییە، بۆیە ناکرێ بە هیچ شێوەیەك پەنا بۆ لێدان و توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی ببردرێت، چونکە کاریگەری نەرێنی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر قوتابی دروست دەکات.»

لە کۆتایی ئەم ڕاپۆرتەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕێکخراوی یوینسێف بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕووپێویەکی مەیدانییان ئەنجامداوە و لە ڕووپێوەکەدا ٢٠ هەزارو٥٢٠ خێزان تێیدا بەشدارییان کردووە، ڕێکخراوی یوینسێف ڕایدەگەیەنێت ٨٠٪ی منداڵانی عێراق لە قوتابخانە، یان لە ماڵەوە ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە و هێشتاش کاریگەری شەڕی داعش بە سەر منداڵانی عێراق و بەتایبەت ناوچەکانی شەڕەوە ماوە، هەروەها ئاشکرای دەکات، کە ژینگەی پەروەردە لەو وڵاتەدا و بەتایبەت لە قوتابخانەکان باش نییە و یەك لەسەر چواری قوتابخانەکانی عێراق زیاتر لە دەوامێکیان تێدا دەکرێت.



# هۆکارەکانی دزیکردنی منداڵ و ڕێکارەکانی چارەسەری

دزیکردن یەکێک لە تاوانەکان و دیاردە نەشیاوەکانی ناو هەر کۆمەڵگەیەکە و تێوەگلان بەو تاوانە و ئەنجامدانی لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت، سزای یاسایی بۆ دیاری کراوە. بەڵام زۆر جار منداڵانیش تووشی ئەو حاڵەتە ناحەزە دەبن و دواتر خووی پێ دەگرن، ماڵە باوانیش کە حاڵەتەکە دەبینن، لە بری ئەوەی بە هێمنی هەوڵی تێگەیاندنی منداڵەکە بدەن و کارەکەی لەبەر چاو ناحەز و ناشیرین بکەن، بە توندی سزای دەدەن، ئەوەش سەرەنجامێکی باشی نابێت و وادەکات، منداڵەکە دوای سارێژبوونی ئازارە جەستەییەکەی (تەنانەت وەک تۆڵەکردنەوەیەک) زیاتر لە جاران هەوڵی دزیکردن بدات. بەشدار بووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان هۆکارەکانی دزیکردنی منداڵ و ڕێکارەکانی چارەسەری دەخەنەروو، هەتا دایک و باوکان باشتر بتوانن رووبەڕووی حاڵەتی وا ببنەوە و بەئاسانی چارەسەری بکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«منداڵێکم تەمەنی تەنا پێنج ساڵە، کەچی بۆ ماوەیەکی زۆر خووی بە دزیکردن گرتبوو. ئەوەی دەستی دەیگەیشتێ، دەیبردە نێو کۆڵان و زۆر جاریش هەر نێو کۆڵانەکەدا منداڵانی دیکە لێیان دەدزی، تەنانەت چەند جار پارەی ماڵەوەی بردو هەر بۆمان نەدۆزراوە.» ئەوە قسەی ئامینە کەریم بوو. ئەو خاتوونە وەك خۆی باسی کرد، دایکی چوار منداڵە و تەنیا ئەو کوڕە تەمەن پێنج ساڵانەی تووشی ئەو حاڵەتە بووە و سێ منداڵەکەی دیکەی کە لەو کوڕەی بە تەمەن گەورەترن، هیچ کێشەیەکیان نەبووە. ئەو دایکە، یەکێکە لەو سەدان دایکەی کە تووشی کێشەی وا بوون، بەڵام بە ڕێکارێکی ژیرانە بەسەریدا زاڵ بوون. ئەو بە دڵخۆشییەوە باسی چۆنیەتی چارەسەری کێشەکەی دەکات و دەڵێت: «هەمیشە شەرمم دەکرد باسی دزیکردنی منداڵەکەم بکەم، تەنانەت زۆر جار نەمدەهێشت باوکی بزانێت، هەر ئەوەش وایکرد، حاڵەتەکە خراپتر بوو، تەنانەت خواردن و کێك و شوکولاتەی لە ماڵەوە دەدزی. بە دزییەوە دەرگەی سەلاجەی دەکردەوە. جارێکیان لە باخچەی ساوایان چەند گەمەی لە جانتای نابوو، هێنابوویەوە بۆ ماڵەوە، کە پێم زانی، بردمەوە بۆ مامۆستاکانی و باسی کێشەکەشم بۆ کردن، ئەوانیش خوا هەڵناگرێ زۆر بە سینگفراوانی وەریان گرت و دڵیان دامەوەو وتیان چارەسەری ئاسانەو خەمت نەبێت. توێژەریان هەبوو، پێکەوە زیاتر قسەمان کردو بۆ ماوەیەك ڕێنمایی منی کردو زیاتر چاودێری کوڕەکەمی کرد.» سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەری کێشەی منداڵەکەشی دەڵێت: «مامۆستاکەی پلانێکی دانا و داوای لە من کرد پێکەوە کاری لە سەر بکەین. وتی: دەبێت کارێك بکەین، هەست بەوە بکات کە ئێمە متمانەی پێ دەکەین، هەروەها دەبێت هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات و ئێمەش یارمەتی بدەین. هەر واش بوو، چونکە لێدانەکان و سزاکانی ماڵەوە هیچ کاریگەرییان نەبوو. بەپێی ڕێنماییەکانی مامۆستا دەرگەی سەلاجەم لە ماڵەوە کلیل دا و یەکێك لە کلیلەکانم بە کوڕەکەم دا، لە باخچەی ساوایانیش یەکێك لە کلیلەکانی کەوەنتەری گەمەکانیان پێ دابوو، وای لێهاتبوو خۆی لە کۆتایی وانەکان هەموو گەمەکانی کۆ دەکردەوە و لە شوێنی خۆی دایدەنا. ئەوانە و چەند ڕێنماییەکی دیکەی مامۆستاکەیمان جێبەجێ کرد، ئێستا خۆی ئامۆژگاری منداڵان دەکات و پێیان دەڵێت ئەوە کارێکی زۆر خراپە، هەتا ماوم مەمنوونی مامۆستا نیان دەبم، کە توێژەرێکی نموونەییە و زۆر دڵسۆزانەوە کێشەکەی بۆ چارەسەر کردین.»

ئالان لەشکری توێژەری کۆمەڵایەتییە لە قۆتابخانەی بەهاری بنەڕەتیی کچان لە گەڕەکی موفتی و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە دزیکردنی منداڵ حاڵەتێکە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە و تایبەت نییە تەنیا بە ژینگە، یان کۆمەڵگەیەکەوە، تەنانەت لە ڕووی چینایەتیشەوە، لە خێزانی هەژار و خاوەن سامانیش ئەو حاڵەتانە ڕوو دەدەن، هاوکات دەڵێت: «من لە قوتابخانەیەك دەوام دەکەم، کە لە گەڕەکێکی تا ڕاددەیەك دەوڵەمەندنشینی هەولێرن، بەڵام چەندین حاڵەتی قەڵەمدزینی منداڵمان هەبووە. واتە ئەوە پەیوەندی بە هەژاری و نەبوونی نییە. بەڵکو ژینگە و پەروەردە و جۆری مامەڵەی خێزان و قوتابخانە لەگەڵ ئەو کێشەیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە، بەتایبەتی پەروەردەی خێزانی، بەکارهێنانی توندوتیژی، ئیهمالکردنی منداڵ و حیساب نەکردن بۆ خواست و حەزەکانی، بۆ نموونە زۆر جار منداڵ بە دڵی خۆی شتومەکی بۆ ناکڕدرێت، حیسابی بۆ ناکرێت، کاتێك لە کڕینی شتەکانیدا حەزی خۆی لە بەرچاو ناگرن، بەردەوام چاوی لە شتی منداڵی دیکە دەبێت. ئەوەش وادەکات، دەست بۆ موڵکی خەڵکی دیکە درێژ بکات. بەداخەوە زۆر جار باوان (بە دایك و باوك و براگەورە و داپیر و باپیر و تەنانەت مام و خاڵیشەوە) لە بری ئەوەی بە هێمنی هەوڵی تێگەیاندنی منداڵەکە لە خراپییەکانی دزیکردن بدەن و کارەکەی لەبەر چاو ناحەز و ناشیرین بکەن، بە توندی سزای دەدەن، ئەوەش سەرەنجامێکی باشی نابێت و وادەکات، منداڵەکە دوای ساڕێژبوونی ئازارە جەستەییەکەی (تەنانەت وەك تۆڵەکردنەوەیەك) زیاتر لە جاران هەوڵی دزیکردن بدات.»

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «زۆر جار دایکان ئەو خووی منداڵی خۆیان دەشارنەوە و لە بری ئەوەی پەنا بۆ ڕێنماییەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونناس ببەن، خۆیان کاری خۆسەرانە دەکەن و ئەوەش زۆر جار ئەنجامی پێچەوانەی هەیە. بۆیە داواکارم دایکان شەرم لەو حاڵەتەی منداڵی خۆیان نەکەن و بە ئاسایی وەریبگرن و لەگەڵ کەسانی شارەزا و پسپۆڕ باسی بکەن، بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێواز ڕێگەکانی چارەسەری بدۆزنەوە و کەسایەتیی منداڵی خۆیان خەوشدار نەکەن.»

**کوڕەکەم ئەوەی دەستی دەیگەیشتێ، دەیبردە نێو کۆڵان و زۆر جاریش هەر نێو کۆڵانەکەدا منداڵانی دیکە لێیان دەدزی، تەنانەت چەند جار پارەی ماڵەوەی بردو هەر بۆمان نەدۆزراوە**

**هەمیشە شەرمم دەکرد باسی دزیکردنی منداڵەکەم بکەم، تەنانەت زۆر جار نەمدەهێشت باوکی بزانێت، هەر ئەوەش وایکرد، حاڵەتەکە خراپتر بوو**

**لێدانەکان و سزاکانی ماڵەوە هیچ کاریگەرییان نەبوو، منداڵەم لە دزیکردن بەردەوام بوو، ناچار پەنام بۆ مامۆستاکانی برد و بە ڕێنمایی توێژەرەکەیان بە ئاسانی چارەسەرمان کرد**

**دایك و باوکان لە بری ئەوەی بە هێمنی هەوڵی تێگەیاندنی منداڵەکە لە خراپییەکانی دزیکردن بدەن و کارەکەی لەبەر چاو ناحەز و ناشیرین بکەن، بە توندی سزای دەدەن، ئەوەش سەرەنجامێکی باشی نابێت**

# ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان NGO لە بەهێزکردن و توانا‌سازیی ئافرەت

بەشی چوارەم

لە لێکۆڵینەوەی (ڕۆناڵد ١٩٩٧) بۆ بەهێزکردنی تاك، ئەم ڕەگەزانە لەخۆ دەگرێت: ڕێزگرتن لە خود، توانای بڕیاردان، کۆنترۆڵی ژیان.

١-ڕێزگرتن لە خود، ئاماژەیە بە حوکمی تاك بۆ خۆی دەرئەنجامی پرۆسەی خودهەڵسەنگاندنی لەسەر بنەمای لێهاتوویی و ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەرهەمی هێناوە لە دەرئەنجامی ڕۆشنبیری بە ئەندازەیەکی دیاریکراو.

٢-توانای بڕیاردان ئاماژەیە بۆ توانای خەڵك لە دیاریکردنی ئامانجە تایبەتییەکان و کارکردن بۆیان و بڕیاردان لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

٣-کۆنترۆڵی ژیان، ئاماژەیە بۆ کاریگەریی ڕەوشەکان، بەوەی کە ئایا تاك دەتوانێت ڕووداوی خوازراو بەرهەم بهێنێت، یان دووربکەویتەوە لە کۆمەڵ لە ڕێگەی کارەکانیاوە.

لە بەهێزکردنی کۆمەڵ لە ڕوانگەی مۆدێلەکەی (ڕۆناڵد١٩٩٧) تاکەکان پیادەی توانا و سەرچاوەکانیان دەکەن لە ڕێگەی هەوڵێکی بەکۆمەڵ بۆ گەیشتن بە پێداویستییەکان. لە ڕێگەی ئەم جۆرە بەشداریکردنەوە، تاکەکان پشتیوانیی بەهێز بۆ یەکتری دابین دەکەن، قەیرانەکان دەستنیشان دەکەن لە ناو کۆمەڵەکەداو دەستکەوتی زیاتریان دەبێت لە کاریگەریکردن و کۆنترۆڵکردنی لە کوالیتیی ژیان لە ناو کۆمەڵەکەدا.وەك ئاماژەی پێکردووە بەهێزکردنی بەکۆمەڵ ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە پێکەوە کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی کاریگەریی گەورەو زیاتر لەوەی بەدەستی دەهێنن، ئەگەر بە تەنیا بن.

لە واقیعدا بەهێزکردنی کۆمەڵ پەیوەندییەکی توندی هەیە بە ئاستی کەسێتی، لەبەر ئەوەی بە بێ بەهێزکردنی ئاستی کەسێتی، زۆر گرانە بۆ تاکێك کە لە کۆمەڵدا چالاك بێت.

بەهێزکردنی کۆمەڵیش چەند ڕەگەزێك دەگرێتەوە: وەك کارکردن پێکەوە، بەشداریکردن لە پرۆگرامەکانی NGOs و وشیاریی کۆمەڵ.

١-چەمکی کارکردن پێکەوە ئاماژەیە بۆ ئەو تاکانەی کە گرنگی دەدەن بە کارکردن لەگەڵ کەسانی دیکە لە زەمینە جیاوازەکاندا، بۆ هاوبەشیکردنی لێهاتوویی و زانیارییەکانیان.

٢-چەمکی بەشداریکردن لە پرۆگرامەکانی NGOs پەیوەستە بە بەشداریکردن لەو پرۆگرامانەی کە ڕێکخراوە لەلایەن NGOs بۆ باشترکردنی ڕەوشەکانی ناو کۆمەڵەکە.

٣-وشیاریی کۆمەڵ ئاماژەیە بۆ وشیاریی ئافرەتان دەربارەی ڕۆڵ و پێگەیان لە ناو خێزان و کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، توێژەران و زانایان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ڕێکخراوەکانی NGOs دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە کارئاسانیکردن بۆ پرۆسەی توانامەندسازیی ئافرەتان. زۆرێك لە دەزگاکان وەك دامودەزگا حکومییەکان و ناخۆیی و NGOs نێودەوڵەتییەکان و بانکی جیهانی World Bank دەتوانن هاوکاریی ئافرەتان بکەن بۆ باشترکردنی ژیان و توانامەندکردنیان.

(ئەگبولا لە ساڵی ١٩٩٤) وا پێناسەی NGOsی کردووە کە تایبەتن، خۆبەخشن، ڕێکخراوی بێ قازانجی سەربەخۆن لە هەردەوڵەتێك بێت و دارایی و فەندیان لە ڕێگەی بەخشینی تاکەکان، یان کۆمپانیاکانەوە دەبێت، باجیش دەسەپێنن بەسەر ئەندامەکانیان و کۆمەك و هاوکارییان لە دەوڵەتەکان و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبێت. بەتایبەتی کار بۆ بەهێزکردنی هەژاران و پەراوێزخراوەکان دەکەن، بۆ ئەوەی هانی خەڵك بدەن کە خۆیان بڕیار بدەن، ببنە هۆکارێك لە بری ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت وەك گرووپێکی بەئامانج گیراو، یان وەرگرە.



ئیراد منوچر سان ئەحمەد

■

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

ئامانجی سەرکی لە NGOs بەهێزکردنی ژنانی بێتوانا و دۆزینەوەی توانا شاراوەکانیانە بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ باشترکردنی پێگەیان لە ناو کۆمەڵگەدا.

ژمارەیەکی زۆر پرۆگرام و ڕێگا و ڕێکار هەیە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵ، کە بە هۆی NGOs دەتوانن پیادەی بکەن، وەك بنەماکانی نەهجی (لە خوارەوە بۆ سەرەوە) بۆ نەهجی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، وە لە قەیرانەوە بۆ هاوکاریی تەکنیکی و هاوکاریی خود و نەهجی توانامەندسازی. لەگەڵ ئەوەشدا (کۆنیر لەساڵی ١٩٨٦) پۆلینی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کردووە بۆ سێ ئاست، لەسەر بنەمای پرۆگرام و نەهج: لەسەروە بۆ خوارەوە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە و هاوبەشیکردن.

لە نەهجیان پرۆگرامی لەسەرەوە بۆ خوارەوە چالاکییە سەرەکییەکان لەلایەن دەوڵەت، یان دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێت. واتە لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرێت و ئەندامەکانی کۆمەڵەکە نادیارن.

لەم ڕێگاو نەهجەدا دەزگای گەشەپێدان دەستی باڵای هەیە لە کۆنترۆڵکردنی هەوڵەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵەکە لە کاتێکدا تاکەکان توانای بڕیاردانیان نییە بۆ ئەنجامدانی کار بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵەکەو ئەو کاتە پێویست دەکات دەوڵەت و دەزگا پەیوەندیدار پرۆسەی گەشەپێدان بگرنەئەستۆ لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆ باشترکردنی وشیاری و زانین و لێهاتووییەکانیان کە گرنگە بۆ پشتبەستن بە خود. ئەمەش بنەمایەکی مەنتقییە و بەهانەیەکە نەهجی لە سەروە بۆ خوارەوەی بەکارهێنراوە لەلایەن دوڵەت و دەزگا حکوومییەکان.

هەندێ لە کارکەران لە بواری گەشەپێدان نەهجی لە خوارەوە بۆ سەرەوەیان ناساندووە بۆ کەمکردنەوەی باڵادەستیی نەهجی لە سەروە بۆ خوارەوە و زیادکردنی بەشدارییپێکردنی کۆمەڵایەتی.

نەهج یان ڕێگای لە خوارەوە بۆ سەرەوە، جەخت لەسەر بەشداریی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوە جەماوەرییەکان و بڕیاردانی ناوخۆیی دەکاتەوە، ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ بەشداریکردنی گرووپە بەئامانجگیراوەکان لە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی گەشەپێدان، کە دەرئەنجام دەبێتە هۆی گەشپێدانی بەشداریکردن.

ڕێگای لە خوارەوە بۆ سەرەوە پێناسە و کارا کراوە لە ڕوانگەی کۆمەڵێك لە ئاماژەپێدەر وەك:
١- هەوڵەکانیNGOs بۆ بنیادنانی وشیاری.
٢-بەشداریکردنی خەڵك لە پرۆژەکاندا. ٣-هەوڵەکانی NGOs لە بنیادنانی دامەزراوە جەماوەرییەکان.

ئەوەی پەیوستە بە بنیادنانی وشیاری، ئەو گفتوگۆ بەرفراوانەیە لە نێوان NGOs جەماوەرییەکان کە گرنگی دەدات بەوەی کە پێویستە خەڵك وشیار بێت لە گرفتەکانیان و بەشداری بکەن لە بەرپرسیارێتی بۆ سوودی کۆمەڵەکەیان.

کۆکردنەوەی خەڵك بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکان ستراتیژییەکی دیکەی گرنگە کە NGOsپشتی پێ دەبەستێت. واتە تەنیا هانی خەڵك نادات بۆ بەشداریکردن لە چالاکی و پرۆگرامەکان و جێبەجێکردنیان، بەڵکو کۆکردنەوەی سەرچاوەکان بە شێوەی نەقدی نەوعی دەبێت و قەناعەتی خەڵکیان بۆ دروست دەکات دەربارەی پێویستی و گرنگیی پشتیوانییە جەماوەرییەکان.

لە نەهج، یان ستراتیژیی هاوبەشیکردن، ڕێکخراوەکانی گەشەپێدان دەگەڕێن بەدوای تێگەیشتن لە گرفتە ناوخۆییەکان و دۆخەکان. لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا بڕیار و پلانەکان بە یەکەوە دادەنێن. هەردوو کۆمەڵەو دەزگاکە بەشداری بەرچاو دەکەن کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی چالاکیی گەشەپێدان.